# ستراتیژی ئاشتی میللـی.!



محەمەدی کەریمی
ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ

ناتوانین دڵ بەو ئاشتییە خۆش بکەین، کە بەر لە بەرپاکردنی عەداڵەت دێتە کایەوە.
تاقیکردنەوەکانی مێژوویی سەلماندوویانە، لە هیچ شوێنێک متمانەی خەڵکی بە دەست نایەت، مەگەر خەڵک بە چاوانی خۆیان ببینن کە بەرپرسانی تاوان مەحکەمە و سزا دەدرێن.

تاوانباران ئەشێ و دەبێت وڵامی تاوانەکانیان بدەنەوە. ئەگینا، جنایەت و خیانەت هەروا پەرە دەسێنێت.

ئایە لەدوای دەیان ساڵ شەڕ و دەربەدەری و ماڵوێرانی و ئاوارەیی، کاتی ئەوە نەهاتووە، ئاشتییەکی میللی بەرپابکەین.؟
ئەشێ لە نێوان عەفو وبەخشش و عەداڵەتدا جیاوازی هەبێت.
تەنیا دارِشتن و ڕێکخستن و پاڵپشتی لە یاسا دەتوانێت ئاشتی میللی بەر بهێنێت. دیوارێکی پتەو لە یاسا و لە بۆ سەروەری یاسـا، واتە سەرکەوتنی بەردەوامی ئاشتی و حەسانەوە بۆ گشتی.

هێشتەکەیش جیهان و مێژوو، لە بیری نەبردووتەوە کە چاوبستن لە ئاست جنایەتەکانی ڕابردوو، ڕەوندی ئاشتی بۆ دەیان ساڵی بەردەوام لە وڵاتانی وەک کامبۆج و شیلی و لە زۆر شوێنی تری دوور و نزیک تووشی مەترسی و کارەسات کردووە، هەر بۆیە پێویستە ئەوکەسانەی کە خەیانەتیان بە خەڵک و وڵات و نەتەوە کردووە، نابێت لە هێز و دەسەڵات و لە بازنەی دەسەڵاتداران نزیک ببنەوە.

بەرگری لە مافی مرۆڤ و ئازادی و وەڕێخستنی عەداڵەت و بەرپاکردنی ئاشتی، ئەویش لە وڵاتێکی وەک کوردستانی سەرتاپا شەڕلێدراو و گەمارۆدراو لە چی بەزم و ڕەزمی پڕ لە ڕەمز و ڕاز، بە جوانکاری و ڕازندنەوەی چەند گەڕەک و کۆڵان و جادە و مەحەتەی سیاسی و سەربازی و نایەنە دی. مەرجی سەرەکی بەرپاکردنی ئاشتی و ئەمن و ئاسایش وحەسانەوەی بەردەوامە.

بۆ داهاتووی سەرکەوتووی هەر وڵاتێک، ئەولەوییەت بە جادەسازی و سازدانی پرد نییە، بەڵکـــو دەبێت هەموو هێز و وزەی سەرەکی بەرەو کۆمەڵگەیەکی شارستانی و تێگەیشتوو خللۆر بەکەینەوە. بە ڕێز و

بەر لە هەمووان سەرنجەکانمان بەرەو پیری منالّەکان بچێنین. ئەو منالاّنەی کە لە ناو ئاگر و خوێندا گەورە بوون و پێویستی مێژووییان بە ناوەندێکی بە هێز و بە توانا هەیە بۆ ئەوەی رووخساری دیار و نەدیاری خێر و شەڕ بە باشی بناسـنەوە.

سەرئەنجام و ئەشێت ڕاستییەکان و دڵپاکان و تەنانەت ناپاکانیش بدۆزرینـەوە، نەک بیاندزینەوە و بیانشارینەوە.! چی زووتر، باشـتر. ئەگینـا دیواری جیایی و ناتەبایی رۆژ لە دوای رۆژە ئەستورتر و ئەستەمتر دەبێت. ئەوکاتی، نە حکومەت و نە پەرلەمان دەیگاتێ و کاتێکیش دەرون و ڕەوانی کۆمەلاّیەتی ناو کۆمەڵگەیەک لە یەکترازا و تێکچوو، ئیتر نە بیری هیچکەس و نە پلان و پیلانی لایەنێکی ناوەکی دتوانێت بیپێکێت.!

کاتێک دەیبینین و دەیبیسین کە منالّەکانیش بە وێنەی گەورەکانیان دایم و هەردەم شەڕە پەڕۆیان لە سەر زارە و ئەوانیش هەر بە یادی چەک و لەناو شەڕ و بە بۆنی بۆمب و باروت و تەقەمەنی، خەو و خەونوچکە دەیانباتـەوە........! حوکمی ویژدان پێمان دەڵێت کە ئەم خەون و خەیالاّنە لە ناو لانی کەم هێلانەی دڵی منالّەکانمان دوور بکەینەوە.

بۆ ئەوەی ئەو چەک و دەبابانەی کە منالّەکان بە دار و بە قوڕ دروستی دەکەن و بە هەرچەشنە خەیالّێک دەیڕازێنەوە، بە چەکی ڕاستی و واقیعی بگۆڕنەوە. ئەشێ فێریان کەین کە چۆن و چلۆن، بیری دروستکردنی ئەم چەکە دارینانە بگۆازنەوە بۆ سازدانی چەکێک کە پڕبێت لە فیشـەکی ئەقڵ و بۆ دروستکردنی چەکێک کە بۆ شەڕ لە گەڵ دوژمندا بەکار بێت، نەک بۆ لە عەرددانی پشتی خودی و نا بۆ شەڕ لە تەک خۆدا.!

بۆ پێشـەوە، بۆ بەرپاکردنی عەدالّەت و یەکسانی گشتی.
عەدالّەت کۆڵەکەی ئاشتی گشتی و سەرتاسەریە.
ئاشتی و ئازدای لە ژێر سێبەری یاسادا بەر دێنن و لە سایەی یاسادایە کە هەق پایدار و ناهەقی و ناهەقان لەسەرەخۆ و پەیتا پەیتا دەتوێنەوە و هەر بە هێز و بە ورەی بەرز و بەڕێزی یاسایشە کە ساحەی سیاسی و ئیداری وکۆمەلاّیەتی و بە گشتی کۆمەڵگا، لە گەندەڵی و لە ناپاکان، پاک دەکرێتـــەوە.

mohammed_karimi ,

may 2005